دیارترین تاوانە بەربلّاوەکان

لەنێو فێرخوازانی زانستی شەرعیدا

دیارترین تاوانە بەربڵاوەکان

لەنێو فێرخوازانی زانستی شەرعیدا

نووسینی: د. سوڵتان عومەیری

بەرهەمی لیژنەی وەرگێڕانی زادی

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

چاپی: یەکەم

ساڵی: ١٤٤٨ک - ٢٠٢٦ز

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

تێلێگرامی زادی

https://t.me/zankoyzady

ماڵپەری ماموستا کرێکار

https://krekar.co

تێلێگرامی ماموستا کرێکار

https://t.me/krekar_co

دیارترین تاوانە بەربلّاوەکان

لەنێو فێرخوازانی زانستی شەرعیدا

نووسینی:
د. سولّتان عومەیری

بەرهەمی لیژنەی وەرگێڕانی زادی

چاپی یەکەم

١٤٤٨ک - ٢٠٢٦ز

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ {آل عمران: ١٠٢}

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ {النساء: ١}

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ {الأحزاب: ٧٠ – ٧١}

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

پێشەکی

ئەم نامیلکە بچوکە لە ئەسڵدا بەشێکە لە کتێبی: (جُنَّةُ السَّالِكِينَ فِي شَرْحِ الوَصِيَّةِ الصُّغْرَى لِشَيْخِ الْإِسْلَام ابْن تَيْمِيَّة)، کە دکتۆر سوڵتان عومەیری نووسیویەتی، بەڵام لەبەر گرنگیی بابەتەکە، نوسەری بەڕێز بە جیا بڵاوی کردووەتەوە.

ئێمەش وەکو ئیدارەی زانکۆی زادی پێمان باشبوو ئەم بەشە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی فێرخوازانی زانستی شەرعی بە گشتی و فێرخوازانمان لە (زادی) بەتایبەتی سودی لێ ببینن.

باسەکانی ئەم نامیلکەیە بۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی زۆر پێویستە، چونکە دەبینین زۆر لە فێرخوازان لەگەڵ ئەوەی فێری زانست و حوکمە شەرعییەکان دەبن، بەڵام هێشتا لە ڕەفتاریاندا کۆمەڵێک نەخۆشی دینداری دەردەکەوێت کە شیاو بە موسوڵمان نییە چجای فێرخوازی زانستی شەرعی.

پشـتیوان به خـوا ئەم نـامیلکه بچـووکه دەبێـته هۆکـارێکی بـاش بـۆ ئەوەی فێرخـوازان زیـاتر گرنگـی به بـژاری دەروونیـان بـدەن، پـێش هەمـوو کەسـێک عیلمەکەیان بۆخۆیان لێی سودمەند ببن.

ئیدارەی زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

١٨/ جماد الأول/ ١٤٤٨ کۆچی

٢٠٢٦/١٠/٢٩ زایینی

نەخۆشیی یەکەم:

ڕیابازی

فێرخـــوازان لە هەمـــوو کەس زیـــاتر دووچـــاری ئەم نەخۆشـــییە دەبـــن، جۆرەهـــا ڕیـــای ناقۆڵایـــان لێـــوە دەبینرێـــت، هەنـــدێکیان دەبینـــی زۆر ســـوربوونی خـــۆی لەســـەر وەرگرتنـــی زانســـت دەردەخـــات بـــۆ ئەوەی خەڵکـــی مەدحـــی بـــکەن، هەنـــدێکی تـــر دەبینـــی ئاســـتی بـــاڵای خـــۆی لە دەرخســـتنی بۆچـــوون و نیقـــاش و وەڵامـــی بەرانـــبەر دەردەخـــات، نەک لەبەر حەق و ســـوودگەیاندن بە خەڵـــک، بەڵکـــو لەبەر وەســـف و مەدحکردنـــی خەڵکـــی بـــۆی، هەنـــدێکی تـــریش دەبینیـــت زانیـــاری خـــۆی لەســـەر کتێـــب و دانـــراوی زانایـــان دەردەخـــات تـــا خەڵکی پێی بڵێن زۆر بە ئاگایە!

لە سەرســـــوڕهێنەرترین جۆرەکـــــانی ڕیـــــا ئەوەیە؛ فێرخـــــواز خـــــۆی بە مامۆســـتاکەیەوە هەڵبکێشـــێت، هەنـــدێک فێرخـــواز دەبینیـــت زانیـــاری خـــۆی بە ناســـینی زانایـــان و خوێنـــدن و ئیجـــازەوەرگرتن لایـــان دەردەخـــات، تـــا ســـەرنجی خەڵکـــی بـــۆ لای خـــۆی ڕابکێشـــێت و پێـــی بڵـــێن: (ئەمە تەڵەبەی فـــڵان مامۆستایە)!.

بەهەمـــان شـــێوە خۆهەڵکێشـــان بە کتێبەکـــانەوە! فێرخـــوازی وا دەبینیـــت

کتێبی زۆر دەکڕێت، یان زۆر باسی کتێبی جۆراوجۆر دەکات، تا خەڵکی مەدحی بکەن و پێگەی لایان بەرزبێتەوە.

فێرخواز هەیە وا نیشان دەدات کە فڵان کتێبەی خوێندووەتەوە و شتی لێوە نەقڵ دەکات، بە کتێبێکدا هەڵدەڵێت یان ڕەخنەی لێدەگرێت تا پێی بڵێن: ماشەڵا فڵان کەس خوێنەرێکی باشە و ئیتتیلاعی زۆرە بەسەر کوتوبی زانایاندا!

هەموو ئەمانە چەند وێنەیەکی زۆر ناشرینی ڕیابازین. هەرکات دڵی فێرخواز چاوەڕێی سەیرکردن و مەدحی خەڵکی بوو بۆی، ئەوە کەوتووەتە ناو مەیدانی ڕیابازییەوە.

زانایانی پێشین لەهەموو کەس زیاتر هۆشداریان داوە لە ڕیابازی و ترسناکی کەوتنە ناویەوە. ئەبو حازم دەفەرموێت: **(اكتُم حسناتك كما تكتُم سيِّئاتك)**، واتا: «چاکەکانت بشارەوە وەکو چۆن تاوانەکانت دەشاریتەوە».[1]

حەسەنی بەسریش دەفەرموێت: **(كان أحدهم يبكي إلى جنب صاحبه فمَا يعلم به)**، واتا: «هەندێکیان -لە سەلەفی سالِح- لە تەنیشتی هاوڕێکەی

(١) حلية الأولياء (٣/ ٢٣٩).

دەگریا و هاوڕێکەی پێی نەدەزانی».[1]

یەزیدی کوڕی حەمید دەفەرموێت: **(كان الرجل يتعبّد عشرين سنة وما يَعلَم به جارُه)**، واتا: «پیاوی وا هەبوو بیست ساڵ عیبادەتی خوای دەکرد، هاوسێکەی پێی نەدەزانی».[2]

حەسەنی بەسری دەفەرموێت: **(إن كان الرجل ليجتمع إليه القوم أو يجتمعون يتذاكرون، فتجيء الرجلَ عبرتُه فيردّها، ثم تجيء فيردّها، ثم تجيء فيردّها، فإذا خشي أن يفلت قام"[3]، ويقول عبد الرحمن بن مهدي: "كنت أجلس يوم الجمعة، فإذا كثر الناس فرحت، وإذا قلّوا حزنتُ، فسألت بشر بن منصور، فقال: هذا مجلس سوء، فلا تعُد إليه، فما عدتُ إليه)**، واتا: «پیاوی وا هەبوو لەگەڵ کەسانێک کۆدەبوونەوە و باسوخواسی دینییان دەکرد، فرمێسکی دەهات و دەیگەڕاندەوە، پاشان فرمێسکی دەهات و دەیگەڕاندەوە، پاشان فرمێسکی دەهات و دەیگەڕاندەوە، کاتێک دەترسا چیتر خۆی پێنەگیرێت هەڵدەستا».[4]

عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی دەفەرموێت: **(كنت أجلس يوم الجمعة،**

---

(١) الإخلاص والنية، ابن بي الدنيا (٦١)

(٢) هەمان سەرچاوە (٦٣).

(٣) الإخلاص والنية (٦٤).

(٤) هەمان سەرچاوە (٦٤).

فإذا كثر الناس فرحت، وإذا قلّوا حزنتُ، فسألت بشر بن منصور، فقال: هذا مجلس سوء، فلا تعُد إليه، فما عدتُ إليه)، واتا: «ڕۆژانی هەینی دادەنیشتم بۆ ئامۆژگاری خەڵکی، کە خەڵک زۆردەبوو دڵخۆش دەبووم، کە کەم دەبوون خەمبار دەبووم، پرسیارم کرد لە بیشری کوڕی مەنسور، فەرمووی: ئەمە مەجلیسێکی خراپە بۆی مەچۆوە، ئیتر نەچوومەوە».[1]

ئیبنولجەوزی دەفەرموێت: **(متى نظر العامل إلى التفات القلوب إليه فقد زاحم الشرك نيتَه)**، واتا: «هەرکاتێک کەسێک چاوەڕێ بوو دڵی خەڵکی بۆ لای بێت، ئەوە شیرک دەوری نییەتەکەی داوە».[2]

ئیبنولقەیم دەفەرموێت: **(لا يجتمع الإخلاص في القلب ومحبّة المدح والثناء، والطمع فيما عند الناس، إلا كما يجتمع الماء والنار)**، واتا: «خواویستی لەگەڵ حەزکردن بە پیاهەڵدان و بەدەستهێنانی ئەوەی لای خەڵکە، لە دڵێکدا کۆ نابنەوە، وەکو چۆن ئاو و ئاگر کۆ نابنەوە».[3]

---

(١) سير أعلام النبلاء (٩/ ١٩٦).

(٢) صيد الخاطر (٣٧٤).

(٣) الفوائد (١٤٩).

نەخۆشیی دووەم:

غەیبەتکردن

لەنـــاو فێرخوازانـــدا جۆرەهـــا غەیبەتـــی پۆشـــتەکراو بە ئامۆژگـــاری و لەسـەرکردنەوەی حەق هەیە، بەڵام لەڕاسـتیدا بـریتییە لە کەوتـنە نـاو ناموسـی موسوڵمانان و بوختان پێکردنیان.

دەربـارەی هۆشـداریدان لەم نەخۆشـییە ئیبنـولجەوزی دەفەرموێـت: **(مـن تلبيس إبليس عـلى أصـحاب الحـديث قـدحُ بعضـهم في بعـض طلبًـا للتشـفِّي، ويخرجـون ذلـك مخـرجَ الجـرح والتعـديل الـذي اسـتعمله قـدماء هـذه الأمـة للذبِّ عن الشرع، واللـه أعلـم بالمقاصـد، ودليـل مقصـد خبـث هـؤلاء سـكوتُهم عمـن أخـذوا عنـه... وأمـا منبـع الغيبـة مـن القُـرّاء والنُّسـاك فمـن طريـق التعجُّب، يبـدي عـوار الأخ ثـم يتصـنّع بالـدعاء في ظهـر الغيـب، فيـتمكّن مـن لحـم أخيـه المسـلم، ثـم يتـزيّن بالـدعاء لـه، وأمـا منبـع الغيبـة مـن الرؤسـاء والأسـاتذة فمـن طريـق إبـداء الرحمـة والشـفقة، حتـى يقـول: مسـكين فـلان، ابتلي بكذا، وامتحِن بكـذا، نعـوذ باللـه مـن الخـذلان، فيتصـنّع بإبـداء الرحمـة والشفقة على أخيه، ثـم يتصـنّع بالـدعاء لـه عنـد إخوانـه، ويقـول: إنمـا أبـديتُ لكـم ذاك لتكـثروا دعـاءكم لـه، ونعـوذ باللـه مـن الغيبـة تعريضًـا أو تصـريحًا)،**

واتـــا: «له فێڵەکـــانی شـــەیتان بـــۆ ئەهلـــی حەدیـــس ئەوەیە هەنـــدێکیان هەنـــدێکیتریان لەکەدار دەکەن تـــا دڵـــی خۆیـــان بـــدەنەوە، بە بیـــانووی جەرح و تەعـدیل کە زانایـانی کـۆن ئەم زانسـتەیان بـۆ بەرگریـی لە شـەرع بەکارهێنـاوە، خـواش زانـاترە بە مەبەسـتەکان، بەڵام بەڵـگە لەسـەر خراپیـی نییەتـی ئەمـانە ئەوەیە لە ئاســت خراپیــی مامۆســتاکانی خۆیــان بێــدەنگن... بەڵام غەیــبەت لەنـاو قورئانخوێنـان و زاهیـدان گەیشـتووەتە ئاسـتێکی سەرسـوڕهێنەر، عەیبـی بـراکەی دەردەخـات پاشـان بەنهێنـی دوعـای خێـری بـۆ دەکـات، گۆشـتی بـرا موســوڵمانەکەی دەخــوات و بە دوعــاکردنی بــۆی جــوانی دەکــات! هەرچــی غەیبەتیشـــە لەنێـــوان مامۆســـتایاندا، غەیـــبەتەکەی بەرگـــی ســـۆز و ڕەحمـــی بەبەردا دەکـــات، ئەڵێـــت: فـــڵان کەس زۆر دامـــاو و فەقیـــرە، بە فـــڵان شـــت تـاقیکراوەتەوە، پەنـا دەگـرین بەخـوا لە سەرشـۆڕی. وا خـۆی نیشـاندەدات کە زۆر بەزەیـی پێیـدا دێـتەوە و لای براکـانی دوعـای خێـری بـۆ دەکـات و ئەڵێـت: بـۆیە باسـی فـڵان کەسـم بـۆ کـردن تـا دوعـای خێـری بـۆ بـکەن. پەنـا ئەگـرین بەخوا لە غەیبەتکردن، جا بەڕاستەوخۆیی بێت یان بە پێچ و پەناوە بێت» .[1]

ئیبنوتەیمییە دەفەرموێـت: **(مـنهم مـن يخـرج الغيبـة في قوالـب شـتى: تـارة في قالب ديانـة وصـلاح، فيقـول: لـيس لي عـادة أن أذكـر أحـدًا إلا بخـير، ولا أحب الغيبة ولا الكـذب، وإنمـا أخـبركم بأحوالـه، ويقـول: واللـه إنـه مسـكين،**

(١) تلبيس إبليس (١٤٣).

أو رجل جيّد، ولكن فيه كيت وكيت، وربما يقول: دعونا منه، الله يغفر لنا وله، وإنما قصده استنقاصه وهضمًا لجنابه، ويُخرجون الغيبة في قوالب صلاح وديانة، يخادِعون الله بذلك كما يخادعون مخلوقاته، وقد رأينا منهم ألوانًا كثيرة من هذا وأشباهه.

ومنهم من يرفع غيره رياء؛ فيرفع نفسَه، فيقول: لو دعوت البارحة في صلاتي لفلان؛ لما بلغني عنه كيت وكيت؛ ليرفع نفسه، ويضعه عند من يعتقده، أو يقول: فلان بليد الذهن، قليل الفهم، وقصده مدح نفسه، وإثبات معرفته، وأنه أفضل منه.

ومنهم من يحمله الحسد على الغيبة؛ فيجمع بين أمرين قبيحين: الغيبة، والحسد، وإذا أثنى على شخص أزال ذلك عنه بما استطاع من تنقّصه في قالب دين وصلاح، أو في قالب حسد وفجور وقدح؛ ليسقط ذلك عنه.

ومنهم من يخرج الغيبة في قالب تمسخر ولعِب؛ ليضحك غيره باستهزائه ومحاكاته واستصغار المستهزَأ به.

ومنهم من يخرج الغيبة في قالب التعجّب، فيقول: تعجبتُ من فلان! كيف لا يفعل كيت وكيت؟! ومن فلان كيف وقع منه كيت وكيت؟! وكيف فعل كيت وكيت؟! فيخرج اسمه في معرض تعجّبه.

ومنهم من يخرج الاغتمام، فيقول: مسكين فلان، غمّني ما جرى له، وما تمّ له. فيظنّ من يسمعه أنه يغتمّ له ويتأسّف، وقلبه منطوٍ على التشفّي به، ولو قدر لزاد على ما به، وربما يذكره عند أعدائه ليتشفّوا به، وهذا وغيره من أعظم أمراض القلوب والمخادعات لله ولخلقه.

ومنهم من يُظهر الغيبة في قالب غَضب وإنكار منكَر، فيظهر في هذا الباب أشياء من زخارف القول، وقصده غير ما أظهر)، واتا: «جۆرەها شێوازی غەیبەتیان لێ دەردەکەوێت: جاری وا هەیە لە بەرگی ئیسلاح و دینداری غەیبەت دەکەن، دەڵێت: عادەتم نییە باسی کەس بکەم مەگەر بە چاکە بێت، درۆ و غەیبەتیشم حەز لێ نییە، بەڵکو تەنها حاڵی فلان کەستان پێدەڵێم. یان دەڵێت: فلان کەس زۆر فەقیرە، یان پیاوێکی زۆر چاکە، بەڵام فلان و فلان شتی تیایە. یان لەوانەیە بڵێت: توخوا وازی لێبێنن، خوا لەو و لە ئێمەش خۆشبێت. بەڵام نییەتی کەمکردنەوەی فلان کەس و فووتێکردنی خۆیەتی. بەم شێوەیە غەیبەت لە بەرگی ئیسلاح و دینداری نیشان دەدەن، بە حسابی خۆیان فێڵ لە خوا دەکەن وەکوو چۆن فێڵیان لە خەڵک کردووە. زۆر خەڵکی لەم شێوازە و هاوشێوەکانیانمان بینیوە.

هەشە حەسوودی وای لێدەکات غەیبەت بکات، دوو کاری ناقۆڵا کۆ دەکاتەوە؛ حەسوودی و غەیبەت. کاتێکیش وەسفی کەسێک دەکات تا بۆی بکرێت لە ئاستی کەم دەکاتەوە بە بیانووی ئیسلاح و دینداری. یان لەژێر بەرگی حەسوودیدا بەرامبەری دەشکێنێتەوە.

هەشە لە بەرگی گاڵتە و پێڕابوردن غەیبەت دەکات، تا خەڵک پێی

پێبکەنن و لە ئاستی کەسی بەرامبەر کەم بکەنەوە.

هەشە لە ڕێی نیشاندانی سەرسوڕمانی خۆیەوە غەیبەت دەکات و دەڵێت: سەرم سوڕماوە لە فڵان کەس چۆن ئەو کارە باشە ناکات؟ سەرم سوڕماوە لە فڵان کەس چۆن ئەم کارە خراپە دەکات؟ چۆن ئەم کارە خراپەی کرد؟

هەشیانە لەگەڵ غەیبەتەکە خەمباریی خۆی نیشان دەدات، دەڵێت: بۆ فڵان کەس خەمبار بووم لەوەی بەسەری هات. گوێگر وا دەزانێت پێی ناڕەحەتە و خەمبارە بۆی، واش نییە، بەڵکو دڵی خۆی بەم شتانە خۆش دەکات، ئەگەر بیتوانیانە خراپتر بەسەر فڵان کەس بێت دەیکرد، لەوانەشە لای دوژمنەکانیشی باسی بکات تا ئەوانیش دڵیان خۆشبێ کە چی بەسەر هاتووە.

ئەمە و هاوشێوەکانی، لە گەورەترین نەخۆشییەکانن کە دڵ پێیانەوە موبتەلا دەبێت، خاوەنەکەی دەیەوێت فێڵ لە خوا و خەڵکی بکات.

هەشیانە لە بەرگی تۆڕەیی و ڕێگریی لە خراپە دەکەوێتە غەیبەتەوە و چەندین قسەی ڕازاوە بەکاردێنێت، بەڵام نییەتیشی وانییە».[1]

(١) مجموع الفتاوى (٢٨/ ٢٣٧).

سەلەفی سالّح له هەموو کەس زیاتر لەم نەخۆشییە هەلّدەهاتن، حەسەنی بەسری دەفەرموویّت: **(واللهِ، للغيبة أسرع في دين المؤمن من الآكلة في جسده)**، واتا: «سویّند به خوا غەیبەت له خۆرەی لەش بۆ دینی خەلّکی خراپتره».[1]

ئەبو عاسم دەفەرموویّت:**(لا يذكُر الناسَ بما يكرهون إلا سفلة لا دين له)**، واتا: «کەس باسی خەلّکی ناکات به شتێک که پێیان ناخۆش بێت، مەگەر کەسێکی گەوج که دینی نییه».[2]

بەکری موزەنی دەفەرموویّت: **(إذا رأيتم الرجل موكّلًا بعيوب الناس ناسيًا لعيبه فاعلموا أنه قد مُكِر به)**، واتا: «ئەگەر کەسێکتان بینی بەردەوام بەدوای عەیبی خەلّکیەوە بوو و عەیبی خۆی لەبیر کردبوو، ئەوە بزانن تووشی فیتنه بووه» .[3]

عەونی کوڕی عەبدوللّا دەفەرموویّت: **(ما أحسب أحدًا تفرغ لعيب الناس، إلا من غفلة غفلها عن نفسه)**، واتا: «هیچ کەسێک نابینم یەکلا بووبێتەوە بۆ باسکردنی عەیبی خەلّکی، مەگەر لەخۆی غافڵ بووبێت».[4]

---

(١) الصمت، ابن أبي الدنيا (١٢٩).

(٢) بهجة المجالس، ابن عبد البر (١/ ٤٠٠).

(٣) صفة الصفوة (٣/ ٢٤٩).

(٤) هەمان سەرچاوە (٢/ ٥٨).

لە پێداگریی سەلەف لە غەیبەتنەکردن؛ ڕێیان نەدەدا هیچ کەسێک لە مەجلیسەکەیاندا غەیبەت بکات. عەبدوڵای کوڕی ئەبو زەکەریا ڕێی بە کەس نەدەدا لە مەجلیسەکەی غەیبەتی کەس بکرێت و دەیفەرموو: **(إن ذكرتم الله أعنَّاكم، وإن ذكرتم الناس تركناكم)**، واتا: «ئەگەر زیکری خواتان کرد هاوکارتان دەبین، ئەگەر باسی خەڵکیشتان کرد وازتان لێدێنین».[1]

ئەبو سینانی ئەسەدیش هیچ کەسێک لە مەجلیسەکەی غەیبەتی کەسێکی تری نەدەکرد، ئەگەر کەسێکیش لە مەجلیسەکەی غەیبەتی کەسێکی تری کردبا ڕێگری لێدەکرد یان مەجلیسەکەی جێدەهێشت.[2]

سەعیدی کوڕی جوبەیریش بەهەمان شێوە نەیدەهێشت کەس لە مەجلیسەکەی غەیبەت بکات.[3]

عەلی کوڕی حوسەین گوێی لە پیاوێک بوو غەیبەتی کەسێکی دەکرد، فەرمووی: **(إياك والغيبة؛ فإنها إدام كلاب الناس)**، واتا: «وریای غەیبەتکردن بە، چونکە غەیبەتکردن خواردنی کەسە سیفەت سەگەکانە».

قوتەیبەی کوڕی موسلیم گوێی لێ بوو کەسێک غەیبەتی کەسێکی تر

(١) الصمت، ابن أبي الدنيا (٢٦٠).

(٢) ترتيب المدارك (٤/ ١٠٤).

(٣) سير أعلام النبلاء (٤/ ٣٣٦).

ئەکـات، فەرمـووی: **(أمَـا واللَّـه لقـد تلَمَّظْـتَ بِمُضْـغَةٍ طَـالَمَا لَفَظَتْهَـا الكِـرَام)**، واتا: «سوێند بەخوا پارووپەکت قوتدا کە کەسە بەڕێزەکان فڕێیان داوە».[1]

موسـای کـوڕی ئیبراهـیم دەفەرموێـت: **(حضرتُ معروفًـا الكرجـيّ وعنـده رجـل يغتـاب رجـلًا آخـر، فقـال لـه معـروف: "اذكـر القطـن إذا وضـعوه عـلى عينيـك)**، واتـا: «لای مەعڕوفـی کەرخـی بـووم پیاوێـک غەیبەتـی پیـاوێکی تـری دەکـرد، مەعڕوفـی کەرخـی پێـی فەرمـوو: بیـر لەو ڕۆژە بـکەوە کە کفـن بەسـەر چاوتا ئەدەن».[2]

(١) ذم الغيبة النميمة، ابن أبي الدنيا (٤٧).

(٢) هەمان سەرچاوە (٤٨).

نەخۆشیی سێیەم:

قسە هێنان و بردن (دووزمانی)

زۆرێک لە فێرخوازان کەوتوونەتە ناو ئەم نەخۆشییەوە، فێرخوازی وا دەبینیت قسەی برایەک بۆ برایەکی تر دەگوازێتەوە بە بیانووی ئامۆژگاری یان ئەمانەتپارێزی، بەڵام لە ڕاستیدا دووزمانێکی موفسیدە. چەندین هاوڕێ و دۆستمان بینی بەهۆی گواستنەوەی قسەیان بۆ لای یەکتر ناکۆکی کەوتە نێوانیان و بەینیان پچڕا.

ئەم نەخۆشییە جاری وا هەیە لە نێوان مامۆستایان و بانگخوازانیشدا ڕووەدات. زۆر ڕووداوی خراپ ڕوویداوە بەهۆی ئەوەی فێرخوازان قسەی مامۆستایەک بۆ مامۆستایەکی تر دەگوازنەوە و دووزمانی لە نێوانیان دەکەن.

فێرخوازی وا هەیە قسەی مامۆستایەک دەربارەی فێرخوازێک دەگوازێتەوە یان قسەی فێرخوازێک دەربارەی مامۆستایەک دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی بەینیان تێک بدات و خۆی لە مامۆستاکە نزیک بکاتەوە. هەموو ئەمانە کاری ناقۆڵان و فێرخوازی زانستی شەرعی ناشێت لێیان نزیک ببێتەوە.

حەسەنی بەسری دەفەرموویت: **(مەن نقل إليك حديثًا، فاعلم أنه ينقل إلى غيرك حديثَك)**، واتا: «هەر کەسێک قسەی کەسێکی بۆت هێنا، بزانە قسەی تۆش بۆ کەسێکی تر دەبات» .[1]

ئیمامی شافیعی دەفەرموویت: **(مەن نمَّ لك نمَّ بك، ومن نقل إليك نقل عنك، ومن إذا أرضيتَه قال فيك ما ليس فيك إذا أغضبتَه قال فيك ما ليس فيك)**، واتا: «هەر کەسێک دووزمانیی بۆت کرد، دووزمانیشت لەسەر دەکات، هەر کەسێک کاتێک ڕازیت کرد قسەی وای لە بەرژەوەندیت کرد کە تیاتدا نییە، کاتێک تووڕەت کرد قسەی وات دژ دەکات کە تیاتدا نییە».[2]

(١) تنبيه الغافلين (١٧٣).

(٢) مناقب الشافعي، البيهقي (٢/ ١٩٨).

نەخۆشیی چوارەم:

خۆبەگەورەزانین

خــۆبەگەورەزانین ئەوەیە حەق پەت بکەیــتەوە و خەڵکــی بەکەم بزانیــت و وا گومان ببەیت لەوان پێزدارتر و بەرزتری.

وەکــو کە لای خەڵکــی عەوام خــۆبەگەورەزانین لە پۆشــاک و ئۆتۆمبێــل و خــانوو دەردەکەوێــت، لای فێرخــوازانیش خــۆبەگەورەزانین لە پەتکــردنەوەی حەق و بەڵــگە و بە کەمزانینــی خەڵــک دەردەکەوێــت. فێرخــوازی وا دەبینیــت حەق لە کەســێک وەرناگرێــت کە تەمەنــی یــان پــێگەی لە خــۆی کەمــتر بێــت، هەیە دەیەوێــت خەڵکــی بە نــاو و لەقەبــی گەورە گەورە بــانگی بکــات، گەر وا نەکەن لە دڵیدا شتێک بەرامبەریان دروست دەبێت.

لە ســەیرترین جــۆری خــۆبەگەورەزانین؛ خــۆبەگەورەزانینە بە زانایــانەوە، فێرخــوازی وا دەبینیــت خــۆی بە گەورە دەزانێــت بەوەی لای ئەم زانایــانە دەرســی خوێنــدووە و ئیجــازەی لایــان وەرگرتــووە، هەرکەســێکیش لای ئەم زانایــانە دەرســی نەخوێنــدبێت بە چــاوی کەمەوە ســەیری دەکــات، بەڵکــوو بەڵــگەش قبــوڵ ناکــات مــادام لای ئەم زانایــانەوە نەهاتبێــت، وا دەبینێــت ئەوەی لای جگە لەم زانایانەوە دێت بەڵگەکانی لاواز و کەم نرخن.

لە شـێوازەکانی خـۆبەگەورەزانین کە بەشـێک لە فێرخـوازان دووچـاری دەبـن: کەمکـردنەوەی ئاسـتی ئەو کەسـانەیە کە بە زانسـتەوە دەرکەوتـوون و بە کەمیـان دەزانێـت، دەیەوێـت سـیفاتی کەموکـوڕی بـداتە پاڵیـان، بە وردی بەدوای قسـەیەکیاندا دەگەڕێـت کە هەڵە و خەڵەلـی تیابێـت و بـڵاوی دەکاتەوە.

لە شـێوازێکی تـری خـۆبەگەورەزانین: خـۆبەگەورەزانینە لەگەڕانەوە لە هەڵە، هەیە هەڵەی خـۆی بـۆ دەردەکەوێـت بەڵام لە هەڵەکەی نـاگەڕێتەوە، تـا نەڵـێن فـڵان کەس لەم قسـەی خـۆی پەشـیمان بـووەتەوە و پـێگەی لای خەڵـک دابەزێـت، دەیەوێـت -بە حسـابی خـۆی- پـلەی هەر بە بەرزی بمێنێـت لەنـاو خەڵکیدا.

زانایـانی سـەلەف زۆرجـار پێویسـتی گەڕانەوەیـان بـۆ حەق باسـکردووە، زۆریـش باسـی خەتەری کیـبر و خۆبەگەورەزانینیـان کـردووە، فـوزەیلی کـوڕی عیـاز دەفەرموێـت: **(التواضـع أن تخضـعَ للحـق وتنقـادَ لـه، ولـو سـمعته مـن صـبيٍّ قبِلتـه منـه، ولـو سـمعته مـن أجهـل النـاس قبِلتـه منـه)**، واتـا: «تەوازوع بـریتییە لەوەی ملکەچـی حەق بیـت، هەرچەنـد لە منالێکیشـەوە گوێـت لێـی بێـت وەریـدەگریت، هەرچەنـد لە نەزانـترین کەسیشـەوە گوێـت لێـی بێـت

وەریدەگریت» .[1]

(١) التواضع والخمول، ابن أبي الدنيا (١١٨).

نەخۆشیی پێنجەم:

سنوربەزاندن و ستەمکردن

ئەم نەخۆشیەش لە زۆرترین نەخۆشییە بەربڵاوەکانە لەنێو فێرخوازاندا، مەبەستمان بەم نەخۆشیەش: سنووربەزاندنە لە حوکمدان بەسەر خەڵکی و زیادەڕەویکردنە تیایدا.

فێرخوازێک هەیە کە دەبینێت براکەی هەڵە دەکەت، زۆر زیادەڕەویی بەرامبەر دەکات لەو هەڵەی کە کردوویەتی، زیادەڕەوی دەکات بەوەی کە زەمی شەخسیەتیشی دەکات و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت و بە نەزان و گەلۆر و سیفاتی ناشیرین وەسفی دەکات، کە لەڕاستیدا ئەم سیفاتانەی تێدا نییە.

فێرخوازی واش هەیە هەڵەی ئەم کەسە دەکاتە بیانوو تا زمانی درێژ بکات بەرامبەر براکەی و لەهەموو مەجلیسێک غەیبەتی بکات، بە بیانووی پارێزگاری لە دین و سوننەت!

بەڵکو هەیە قسەی براکەی لەسەر خراپترین ئیحتیمال دادەنێت، ئەگەر قسەی براکەی چەند ئیحتیمالێکی هەبێت؛ ئەم خراپترینیانی بۆ هەڵدەبژێرێت، تا شتێکی پێوە بلکێنێت کە خۆی حەزەکات، ئەمەش لە

دیارترین جۆرەکانی سنووربەزاندن و ستەمە.

ئەمانەش هەمووی ئازاردانی موسوڵمانە و حەرامە.

فوزەیلی کوڕی عیاز دەفەرموویـت: **(واللـه، مـا يحـلّ لـك أن تـؤذي كلبًـا ولا خنزيرًا بغـير حـقّ، فكيـف تـؤذي مسـلمًا؟!)**، واتـا: «سـوێند بەخـوا بـۆت حەڵاڵ نیـیە بەبـێ حەق ئـازاری سـەگ و بەراز بـدەیت، چجـای ئـازاری موسوڵمان؟!» .[1]

(١) سير أعلام النبلاء (٨/ ٤٢٧).

نەخۆشیی شەشەم:

درۆکردن

هەرچەندە درۆ ڕەوشتێکی ناشرینە، بەڵام بۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی زۆر ناشیرینترە. بەشێك لە فێزخوازانی زانستی شەرعی بەم نەخۆشیە تاقیکراونەتەوە، بۆیە دەیبینیت بانگەشەی هەندێک شت دەکات بۆ خۆی کە تێیدا نیە، ئاماژە دەکات بەوەی چەندین کتێبی خوێندووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا نەیخوێندووەتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات چاوی بە چەندین زانا کەوتووە، لەکاتێکدا چاوی بە کەسیان نەکەوتووە. دەڵێت لە چەندین بابەتی زانستیدا خۆم هیلاک کردووە و بۆی گەڕاوم، کەچی واش نیە. دەڵێت خاوەنی چەندین کتێبم، کەچی خاوەنی هیچ کتێبێك نیە. سەرچاوەی ئەم نەخۆشییەش؛ حەزی خۆهەڵنانە بە شتێک کە تێیدا نیە. ئەمەش زەم کراوە.

بەشێکیشیان هەواڵی درۆ دروست دەکات و دەیگوازێتەوە لە نێوان فێرخوازان و مامۆستاکانیان، شتانێک ئەداتە پاڵیان کە ئەنجامیان نەداوە، گوفتارێک ئەداتە پاڵ زانایان کە نەیانفەرمووە. ئەم نەخۆشییەش بێزراوە و پێچەوانەی ئیستیقامە و ترسان لە خوایە، پێچەوانەیە لەگەڵ سەرقاڵ بوون بە زانستی شەرعی و گەڕان لە دەقە شەرعییەکان.

نەخۆشیی حەوتەم:

بەخۆ سەرسامبوون

یەکێکە لە گەورەترین زیانەکان کە کردەوەکان بەتاڵ دەکاتەوە، پەیوەندیش لەگەڵ خوای گەورە لێڵ دەکات. نەخۆشییەکە پێچەوانەی ملکەچیبوونە بۆ خوای گەورە، بەڵکو بێ ئەدەبیی تێدایە بەرامبەر بە خوای گەورە. ئەو کەسەی کە سەرسامە بە زانست و حاڵ و کردەوەی خۆی وەك ئەوەی مافی خۆی بەسەر خواوە ببینێ، وەك چۆن کەسی ڕیاباز هاوبەش دائەنێت لەگەڵ خوای گەورە، کەسی بەخۆسەرسامبووش خۆی هاوبەش دەکات لەگەڵ خوای گەورە.

ئیبنو عەقیل دەفەرموێت: **(الإعجابُ ليس بالفرَح، والفرح لا يقدَح في الطاعات؛ لأنها مسرَّة النفس بطاعة الرب (عز وجل)، ومثل ذلك ما سَرّ العقلاء وأبهج الفضلاء... وإنما الإعجاب استكثارُ ما يأتي به من طاعة الله (سبحانه وتعالى)، ورؤية النفس بعين الافتخار... إنّ العُجب يدخل من إثبات نفسك في العمل، ونسيان ألطاف الحقّ، ومن إغفال نعَمِه التي لا تحصَى، وإلا فلو لحظ العبد اتصال النعم لاستقلّ عمله)**، واتا: «بەخۆسەرسامبوون بریتی نیە لەوەی دڵخۆش بیت بە کردەوە باشەکانت، دڵخۆشی بوون زیانی بۆ کردەوەکان نیە، چونکە بە گوێڕایەڵی خوا نەفس

دڵخۆش دەبێت، ئەمەش کەسە ژیر و داناکان پێی دڵخۆش بوونە و ڕوویان پێی گەشاوەتەوە... بەڵکو بەخۆسەرسامبوون کاتێک توشت دەبێت کە لە گوێڕایەڵیی خوادا نەفسی خۆت بە گەورە سەیر بکەیت، بەخۆسەرسامبوون وات لێدەکات تەنها کردەوەی خۆت لە بیرە و فەزڵ و بەخششەکانی خوات لە بیر کردووە، خۆ ئەگەر بەندە سەیری ئەو نیعمەت و بەخششانەی خوا بکات ئەوە کردەوەکانی خۆی زۆر بە کەم دێتە بەرچاو، نەک پێیان سەرسام بێت».[1]

بەخۆ سەرسامبوونیش زیانی ناشرینی بەسەر خاوەنەکەیەوە دەبێت، لەو زیانانەش: بەخۆسەرسامبوون لە بەهێزترین هۆکارەکانە کە خاوەنەکەی تووشی نەخۆشیی خۆبەگەورەزانین ببێت. کەسێک نابینیت بەخۆی سەرسامبووبێت ئیللا خۆبەگەورەزانینیشی لەگەڵدایە، هەر کەسێك کە سەرسامی خۆی بوو کەوتۆتە نێو خۆبەگەورەزانین و بەکەمدانانی خەڵکی. بەخۆسەرسامبوون وات لێدەکات گوێ بە تاوانەکان نەدەیت و تەوبە نەکەیت، وە دەبێتە ڕێگر لەوەی پرسیار لە ئەهلی عیلم بکەیت.

لە ڕوونکردنەوەی یەکێك لە زیانەکانی بەخۆسەرسامبوون غەزالی دەفەرموێت: **(اعلم أن آفات العُجب كثيرة، فإن العُجب يدعو إلى الكبر؛ لأنه أحد أسبابه كما ذكرناه، فيتولَّد من العُجب الكبر، ومن الكبر الآفات**

(١) سير أعلام النبلاء (١/ ١٣٣).

الكثيرة التي لا تخفى. هذا مع العباد، وأما مع الله تعالى فالعُجب يدعو إلى نسيان الذنوب وإهمالها، فبعض ذنوبه لا يذكرها ولا يتفقَّدها؛ لظنّه أنه مستغن عن تفقّدها، فينساها، وما يتذكّره منها فيستصغره ولا يستعظمه، فلا يجتهد في تداركه وتلافيه، بل يظن أنه يغفر له. وأما العبادات والأعمال فإنه يستعظمها ويتبجّح بها، ويمنّ على الله بفعلها، وينسى- نعمة الله عليه بالتوفيق والتمكين منها، ثمّ إذا أعجِب بها عمي عن آفاتها... والمعجَب يغترّ بنفسه وبرأيه، ويأمن مكر الله وعذابَه، ويظن أنه عند الله بمكان، وأن له عند الله منةً وحقًّا بأعماله التي هي نعمة وعطيّة من عطاياه، ويخرجه العُجب إلى أن يُثني على نفسه ويحمدها ويزكّيها، وإن أُعجب برأيه وعمله وعقله منَع ذلك من الاستفادة، ومن الاستشارة والسؤال، فيستبدّ بنفسه ورأيه، ويستنكف من سؤال من هو أعلم منه، وربما يُعجب بالرأي الخطأ الذي خطَر له، فيفرح بكونه من خواطره، ولا يفرح بخواطر غيره، فيصرّ- عليه، ولا يسمع نصحَ ناصحٍ، ولا وَعظ واعظ، بل ينظر إلى غيره بعين الاستجهال، ويصرّ- على خطئه... فهذا وأمثاله من آفات العُجب، فلذلك كان من المهلِكات، ومن أعظم آفاته أن يفتر في السعي؛ لظنه أنه قد فاز، وأنه قدِ استغنى، وهو الهلاك الصريح الذي لا شبهَة فيه)، واتا: «بزانه كه كه زيانەكانى بەخۆسەرسامبوون زۆرە، چونكه بەخۆ سەرسامبوون توشى خۆبەگەورەزانينت دەكات يەكێك لە هۆكارەكانيەتى وەك چۆن ئاماژەمان پێكرد، لە بەخۆ سەرسامبووندا لوتبەرزى دروست دەبێت، لە لوتبەرزيشدا

زیانگەلێك پەیدا دەبن کە شاراوە نین. ئەمە لەگەڵ بەندەکان، بەڵام لەگەڵ خوای گەورە بەخۆسەرسامبوون دەبێتە هۆی لەبیرچوونی تاوان و گوێنەدان پێی، وای لێدێت نەفس باسی هەندێك لە تاوانەکان ناکات و بەدواداچوونی بۆ ناکات، بەهۆی ئەوەی وا دەزانێت دوورە لێیەوە، بۆیە لەبیری دەکات، ئەوەشی کە دەیکات بە بچوکی دادەنێت و گەورەی ناکات، هەوڵنادات بۆ نەهێشتنی و چارەسەرکردنی، بەڵکو پێی وایە لێی خۆش دەبێت.

کەچی ئەنجامدانی کردەوە و پەرستشەکان بە گەورە دەزانێت و سەرسام دەبێت پێیان، منەت بەسەر خواوە دەکات بەوەی کردوویەتی، ئەو نیعمەتانەی خوا لەبیر دەکات بۆی لە سەرخستن و توانا پێبەخشینی، پاشان ئەگەر سەرسامبوو پێی ئەوا کوێر دەبێت لە ئاست مەترسیەکانی.

کەسی بەخۆسەرسامبوو لوتبەرز دەبێت بە خۆی و بیروبۆچوونەکانی، خۆی بە سەلامەت دادەنێ لە تاقیکردنەوە و سزای خوای گەورە، وا دەزانێ پلەوپایەی هەیە لەلای خوای گەورە، وە منەتی هەیە بەسەر خواوە بەهۆی کردەوەکانی کە لە نیعمەت و بەخششی خواوەیە. بەخۆ سەرسامبوون وا دەکات ستایشی خۆی و تەزکیەی بکات، خۆ ئەگەر سەرسامبوو بە بیروبۆچوون و کردەوەکانی ئەوە دەبێتە ڕێگر لە سوودگەیاندن و پرسیارکردن لە کەسی لە خۆی شارەزاتر، بیروبۆچوونی

خۆی دەکات بە بەڵگە و پرسیار لە کەسی زاناتر لە خۆی ناکات، لەوانەیە سەرسام بێت بە بۆچوونێکی بیروهزری خۆیەوە، سەرسام دەبێت بە هزری خۆی و سەرسام نابێت بە بیروهزری کەسانی دیکە. گوێ بۆ ئامۆژگاری ناگرێت، بەڵکو بەچاوی نەزانینەوە سەیری خەڵکی دیکە دەکات، بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێچکە خراپەکەی... ئەمە و هاوشێوەکانی لە مەترسیەکانی بەخۆ سەرسامبوونە، هەر بۆیە لە لەناوبەرەکانە، لە گەورەترین مەترسیەکانیشی ئەوەیە سست دەبێت لە هەوڵدان، چونکە وا دەزانێت ئەم براوەیە، ئەمەش بۆ خۆی تیاچوونی تەواوە کە هاوشێوەی نییە».[1]

هەر لەبەر ئەمە پێشەوا و خواناسان لە تونترین کەسەکان بوون لەسەر ئەم نەخۆشییە.

موتریفی کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: **(لأَن أبيت نائمًا وأصبح نادِمًا أحبُّ إليَّ من أن أبيت قائمًا وأصبح معجَبًا)**، واتا: «بە خەوتوویی بمێنمەوە و بەیانی بکەمەوە بە پەشیمانی؛ باشترە بەلامەوە لەوەی بەخەبەر بم و بەیانی بە سەرسامبوون بەخۆمەوە خەبەرم بێتەوە».

فوزەیڵی کوڕی عیاز دەفەرموێت: **(آفة القُرّاء العُجب)**، واتا: «بەڵای قورئانخوێنان بەخۆسەرسامبوونە».

(١) إحياء علوم الدين (٣/ ٣٧٠).

نەخۆشیی هەشتەم:

حەسوودی

حەســـوودی بـــردن یەکـــێکە لە خـــراپترین زیانەکـــان کە زۆر لە نێـــو فیرخـــوازان و بانگخوازانـــدا پەیـــدا دەبێـــت. نەخۆشـــیەکی مەترسـیدارە، دەبێـــتە هـــۆی تەفـــرەقە و دەســـتدرێژی و ســـتەم و بـــاڵ بـــاڵێن، بەرەکەت ناهێڵێـــت، ڕووونـــاکیی هیـــدایەت و بـــانگەواز لا دەبـــات، دڵ ڕەق دەکـــات، لە کـــاری خێـــر دوورت دەخاتەوە.

حەسوودی نیشانەی زۆرە، لەوانە:[1]

١- دڵخۆشـــبوون بە هەڵەی بـــراکەی، ئەمەش نەخۆشـــیەکی دەروونیـــیە لە نێـــو مامۆســـتا و فێرخوازانـــدا تەشـــەنە دەکـــات. دەبینیـــت کەســـێك دڵخـــۆش دەبێـــت کاتێـــك بـــرا موســـوڵمانەکەی هەڵەیەک دەکـــات و خەڵکـــیش ڕەخـــنەی لـــێ دەگـــرن، چـــونکە ئەم هەڵەیە پـــلەی کەم دەکـــات و وای لێـــدەکات شـــایەنی ڕەخنەگرتن بێت.

٢- دڵخۆشـــبوون بەوەی هـــاوڕێکەی خێرێکـــی لەدەســـت داوە، وەك ئەوەی

(١) سير أعلام النبلاء (٤/ ١٩٠).

دڵخۆشبێت بەوەی براکەی لە وانەیەک غائیب بووە، یان دڵخۆش دەبێت بەوەی هاوپۆلەکەی نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، یان دڵخۆش دەبێت بەوەی مامۆستاکەی و کەسانی ئەهلی عیلم مەدحی براکەیان نەکردووە.

٣- دڵخۆشبوون بەوەی براکەی توشی ڕەخنەگرتن دەبێتەوە لەلایەن کەسانی دیکەوە. هەندێك لە فێرخوازان بە حەسوودی تاقی کراونەتەوە و دڵخۆش دەبن کاتێك دەبینن ئەو کەسەی حەسوودی پێدەبەن ڕەخنەی لێگیراوە و ستەم و دەمدرێژیی بەرامبەر کراوە.

٤- دڵی تەنگ دەبێت کاتێک دەبیستێت مەدحی براکەی کراوە، یان مەدحی کتێبەکەی یان دەرسێکی یان هەڵوێستەکانی دەکرێت.

٥ ـ هەوڵدەدات بە کەمکردنەوەی پێگەی براکەی و هەر زانیارییەکیش کە لەوەوە بێت، یان لەو تۆڕینەوە و لێکۆڵینەوە و نوسراوانەی دەینوسێت، هەوڵ دەدات کەموکورتیی لێ بدۆزێتەوە.

٦- زیادەڕۆییکردن لە هێرشکردنە سەری، یان بە وتنی جۆرە گوفتارێك ئاماژە بێت بە لادان و زۆریی هەڵەکانی.

٧- براکانی ئاگادار ناکاتەوە لەو وانە و چاوپێکەتنە زانستییانەی کە سوودبەخشن، چونکە حەسوودیی دێت لەوەی براکانی هەمان سوودی ئەم

بەدەست بخەن.

ئەم جـــۆرانە و هاوشـــێوەکانی زۆر بەربـــڵاون لەنێـــو فێرخـــوازان و بانگخوازانـدا. شـوێنەواری نـاشرین و ناپەسـەندی بەجـێ هێشـتووە لە ژیـان و کارەکانیان.

لە نێـو دەقە شـەرعییەکان و وتەی زانایـانی پێشـین زۆر هۆشـداری دراوە لە نەخۆشـیی حەسـوودی، ئیبنولمـوعتەز دەفەرموێـت: **(الحسـد والنفـاق والكـذب أثـافي الـذلّ)**، واتـا: «حەسـوودی و دووڕوویـی و درۆکـردن زەلیلیـی بەدوای خۆیاندا دێنن».[1]

ئیمامـی ئەحمەدیـش فەرمـوویەتی: **(اعلمـوا -رحمكـم اللـه تعـالى- أن الرجلَ من أهل العلم إذا منحه الله شيئا من العلم وحُرِمه قرناؤه وأشكاله حسـدوه، فرمـوه بمـا لـيس فيـه، وبِئسـت الخصـلة في أهـل العلـم)**، واتـا: «ڕەحمەتـی خواتـان لـێ بێـت بـزانن، کاتێـک خـوا بە بەخششـی خـۆی عـیلم بە کەسـێک دەبەخشـێت و براکـانی لـێ بێـبەش دەکـات؛ ئەوە حەسـوودی پێـدەبەن و قسـەی وای بـۆ هەڵدەبەسـتن کە تیایـدا نیـیە، ئەمەش لە خـراپترین سیفەتەکانە لەنێو ئەهلی عیلمدا».[2]

---

(١) الوافي بالوفيات (٢٤١/١٧).

(٢) مناقب الشافعي، البيهقي (٢/ ٢٥٩).

نەخۆشیی نۆیەم:

کەموکورتی لە واجباتەکاندا

فێرخـواز دەبینیـت کەمـتەرخەمە لە ئەنجامـدانی ئەو ئەرکە شـەرعیانەی کە لەسـەریەتی، پارێزگـاری لە نوێژەکـانی ناکـات لەکـاتی خـۆی، یـاخود بەجێگەیانـدنی بەو شـێوازەی کە داوای لێکـراوە. پارێزگـاری لە زەکـات و ڕۆژوو و حەجەکەی ناکـات، کەمتەرخەمـی دەکـات لە سـیلەی ڕەحـم و ئەرکەکـانی بەرامـبەر بـاوك و دایـك و بـرا و خوشـک و هاوسـەر و منـداڵەکانی، بە بیـانووی خـۆیەکلاییکردنەوە بـۆ زانسـتی شـەرعی، یـان بەهـۆی بێبـاکی و تەمبەڵیـی خـۆیەوە. ئەم نەخۆشـیانەش ئەگەرچـی بەگشـتی بەربـڵاوە لەنێـو موسـوڵمانەکاندا، بەڵام بوونیـان لەنێـو فێرخـوازانی زانسـتی شـەرعیدا زۆر ناشیرینترە.

لە گەورەتـرین جۆرەکـانی کەموکـورتی؛ کەموکـورتییە لـە کـردەوە واجبەکـانی دڵ. لەسـەر موسـڵمان واجـبە هەڵسـێت بە ئەنجامـدانی کۆمەڵێـک کـردەوەی دڵ، شـەرمەزاریە لەسـەر فێرخـوازی زانسـتی شـەرعی کە کەموکورتی بکات لەم ئەرکانەیدا.

ئەمەش لە سـەیرترین جۆرەکـانی بێبـاکییە. مـرۆڤ زانسـتی شـەرعی

فێرده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی كرده‌وه‌ی پێبكات، خه‌ڵكیش فێرده‌كات كه كرده‌وه‌ی پێبكات، ئه‌گه‌ر هاتوو ئه‌و كه‌سه‌ی خه‌ڵك فێرده‌كات خۆی كرده‌وه‌ی پێنه‌كات ئه‌وه بێباكییه‌كی زۆره، ئه‌بێته هۆی نه‌هێشتی نوور و به‌ره‌كه‌تی عیلم.

زانایانی پێشین بایه‌خێكی زۆریان داوه به‌وه‌ی كرده‌وه به‌و زانسته بكه‌ن كه فێری بوونه. ئیبنو مه‌سعود (ڕه‌زای خوای لێ بێت) ده‌فه‌رموێت: **(كان الرجل منا إذا تعلَّم عشر آيات لم يتجاوزهن حتى يعرفَ معانيَهن والعملَ بهن)**، واتا: «كه‌سێك له ئێمه ئه‌گه‌ر ده ئایه‌ت فێر ده‌بوو به‌سه‌ریدا تێنه‌ده‌په‌ڕی تاوه‌كوو له واتا و مه‌به‌ستی تێده‌گه‌یشت و كرده‌وه‌ی پێ ده‌كرد».[1]

بیشری حافی ده‌فه‌رموێت: **(أدّوا زكاة الحديث، فاستعملوا من كل مائتي حديث خمسةَ أحاديث)**، واتا: «زه‌كاتی فه‌رموده بده‌ن؛ له هه‌ر دوو سه‌د فه‌رموده‌یه‌ك پێنج فه‌رموده‌ی كرده‌وه‌ی پێبكه‌ن».[2]

---

(١) رواه الطبراني (١/ ٧٤).

(٢) أدب الإملاء والإستملاء (١٠).

نەخۆشیی دەیەم:

دەمارگیری

ئەم نەخۆشیەش یەکێکە لە نەخۆشیە بەربڵاوەکان لەنێو فێرخوازان و بانگخوازاندا، کاریگەریی زۆریشی هەیە لەسەر هەڵوێست و حوکمدانیان بەسەر ئەوانیتردا.

دەمارگیری و زێدەڕۆیی لە لایەن فێرخوازانی زانستی شەرعیەوە چەندین جۆری هەیە؛ بەشێکیان دیارن و بەشێکیشیان شاراوەن، لەوانە:

جۆری یەکەم: زێدەڕۆییکردن لە مامۆستاکەی تا ئاستی بە حوججەکردنی مامۆستاکەی. دەبینی بەشێک لە فێرخوازان دەمارگیرە بۆ مامۆستاکەی، وا نیشان دەدات مامۆستاکەی پێوەری حەق و ڕاستییە، ئەوەی مامۆستاکەی ئەنجامی دەدات هەر ئەوە حەق و تەواوە، ئەوەیشی ئەو بڕیاری لەسەر دەدات ئەوە دروستە و، پێچەوانەی بە هیچ کلۆجێک قبوڵکراو نییە.

لەناو ئەم نەخۆشیەش جۆرێکی تر هەیە ئەویش: زێدەڕۆییکردنە لەوەی کە مامۆستاکەی وازی لێی هێناوە، هەندێك لە فێرخوازان دەبینیت پێی وایە ئەوەی کە مامۆستاکەی وازی لێی هێناوە هەر ئەوە حەق و تەواوێتییە، بۆیە

شتێک بڵاوبوویەوە کە پێی دەوترێت: (بەڵگەهێنانەوە بەوەی زانایان وازیان لێی هێناوە). ئەمەش واتا: کەسی دەمارگیر حوکمی ناحەقی و ناکاملّی دەدات بەسەر قسەیەک یان بەڵگەهێنانەوەیەک یان تەقسیمێکی عیلمی یان شێوازێکی تازە لە شەرحکردن بە بیانووی ئەوەی کە ئەو مامۆستایانەی دەمارگیریی بۆیان هەیە ئەوان شتی وایان نەکردووە.

بەشێك لەوانەی کە ئەم جۆرە دەمارگیرییەیان گرتووەتەبەر هەوڵدەدەن پیرۆزیەک بە ڕێچکەکەیان بدەن، دەست دەکات بە ستایشکردنێکی کاریگەری ئەو زانایانەی کە دەمارگیرە بۆیان. بۆ نموونە دەڵێت: ئەم وتەیە یان ئەم بەڵگەهێنانەوەیە گەورە زانایانی ئێمە بەکاریان نەهێناوە بۆیە قبوڵکراو نییە، یان ئەم دابەشکردنە زانستییە زانایانی متمانەپێکراو ئاماژەیان پێ نەکردووە هەر بۆیە دروست نییە.

ئەم جۆرە دەمارگیرییە چەوتە لە کۆنەوە پەیدا بووە. ماوەردی دەفەرموێت: **(لقد رأيتُ من هذه الطبقة رجلًا يناظر في مجلس حافل، وقد استدل عليه الخصم بدلالة صحيحة، فكان جوابه عنها أن قال: إن هذه دلالة فاسدة، وجه فسادها أنّ شيخي لم يذكرها، وما لم يذكره الشيخ فلا خيرَ فيه، فأمسك عنه المستدلّ تعجبًا)**، واتا: «لەم جۆرە کەسانە پیاوێکم بینی لە مەجلیسێکی گەورە مونازەرەی دەکرد، کەسی بەرامبەریش بەڵگەی دروستی بۆ هێنایەوە، لە وەڵامیدا وتی: ئەم بەڵگەیە ناڕاستە، ناڕاستیەکەشی

بەهـــۆی ئەوەیە کە مامۆســـتاکەم ئامـــاژەی پێنەکـــردووە، ئەوەشـــی کە مامۆستاکەم ئامـاژەی پێنەکردبێـت خێـری تێـدا نیـیە، کـابرای بەرامـبەریش لە زۆری سەرسوڕمانی بێدەنگ بوو».[1]

ئەمەش لە ســـەیرترین جۆرەکـــانی دەمـــارگیرییە و دوورترینیشـــە لە مەنهەجـی دروسـت، چـونکە بەڵگەهێنـانەوە بەوەی کە (مـادام زانایـان باسـیان نەکـــردووە کەواتـــا حەق نیـــیە)، شـــتێکی لاوازە، تەنـــانەت کە پێغەمـــبەریش (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) وازی لە شـــتێک هێنابێـــت ئەمە نـــاکرێتە بەڵـــگەی نادروســـتی ئەم شـتە، تەنهـا بەپێـی ئەو مەرجـانە نەبێـت کە لە کتێبەکـانی ئوسـوڵ و بـێجگە لەوانیش ئاماژەی پێکراوە.

لەوەی کە باسـکرا مەبەسـت لەوە نیـیە گرنگـی بە وتەی زانایـان نەدرێـت، بەڵکـو دەمـارگیریی ناپەسـەند ئەوەیە قەدری هەمـوو شـتێک لە شـوێنی خـۆی دانەنرێت.

جـۆری دووەم: بانگەشـەکردن بـۆ مەعسـوومییەت بە زمـانی حـاڵ. مـرۆڤ لەوانەیە بە زمـانی بڵێـت بانگەشـەی مەعسـومی بـۆ هـیچ زانـایەک لە زانایـان نـاکەم، بەڵام دەبینیـت مـامەڵەی مەعسـومیەتی لەگەڵ دەکـات، دەیبینـی هـیچ ڕەخـنەیەک ناگرێـت لێـی، وە ڕازیـش نیـیە کەس ڕەخنەیەکـی لـێ بگرێـت لە

(١) أدب الدنيا والدين (٧٠).

بابەتێکی ئیجتیهادی یان تەنانەت بابەتێکی فەننیش، ئەمەش لە ڕاستیدا جۆرێکە لە دەمارگیری و زێدەڕۆییکردن.

جۆری سێیەم: زیدەڕۆییکردن لە ئینکاری لەسەر بابەتە خیلافی و ئیجتیهادییەکان. زۆر دادەبەزێتە سەر جیاڕاکانی، بە وەسفێک وەسفیان دەکات کە ئەم وەسفانە تەنیا بۆ کەسانێک شیاون کە لە بابەتە بەڵگەنەویستەکان جیاڕابن لەگەڵیان.

نەخۆشیی یانزەیەم:

ملکەچبوون بۆ بەشی نەفس

ئەم نەخۆشیە دەکرێت بچێتە ناو چەندین جۆری نەخۆشی کە لێرە باس کراوە، بەڵام جیاکراوەتەوە بەهۆی مەترسیە زۆرەکەیەوە و زۆر بڵاوبوونەوەی و نادیاریی هەندێك جۆری.

واتای گشتی ئەم نەخۆشیەش ئەوەیە کە فێرخواز ئاگای لە بەشی نەفسی بێت، بەشی نەفسی خۆی پێش بخات لەسەر حسابی حەق و ڕاستی.

ئەمەش جۆری زۆرە، لەوانە:

یەکەم: خۆشویستنی ستایشکردن و پیاهەڵدان. دەبینی سەری بەرز دەکاتەوە و دەروونی دەکرێتەوە بەدەنگی ستایشکارەکە، یان بۆ پیاهەڵدانێکی نێو مەجلیس.

دووەم: زۆر باسکردنی کردەوەکانی و ئەوەی ئەنجامی داوە لە ڕەنجدان و ماندوێتی. ئەمە لەوانەیە لە ڕوکەشدا بۆ خۆشویستنی دین و هاندان بێت، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ دەرخستنی کردەوەکانی خۆیەتی و ئەوەیشی کە توشی

بـــووه له ڕێگـــای بـــانگەوازەکەیەوە؛ حەزێـــکە بـــۆ بەرزبـــوونەوەی پـــلەی لای خەڵکی، بۆ ئەوەیە بچێتە دڵیان و ستایشیان بەدەست بهێنێت.

ســـێیەم: کـــاری کۆمەڵکـــارییەکە دەداتە پـــاڵ خـــۆی. دەبینـــی حەز بەوە دەکـــات لە پـــێش ســـەرکردە و بەڕێوبەرەکـــان ئەو پیـــاوە بێـــت کە ئیشـــەکەی ئەنجام داوە و خاوەن بیرۆکەکە بووە.

لەوانەشـــە خۆدەرخســـتنەکەی بەردەوام بێـــت تـــا دەکەوێـــتە مەترســـییەکی گەورەتـــر، ئەویـــش کـــردەوە خســـتنە پـــاڵ خـــۆی کە ئەنجـــامی نەداوە و بەشـــداری تێدا نەکردووە.

چـــوارەم: شـــکاندنەوەی نەفســـی. دەیەوێ خەڵـــك ببینێـــت چەنـــد خـــۆبەکەمزانە، بەو شـــێوەیە لەلای خەڵکـــی پـــلەی بەرز دەبێـــتەوە و ستایشـــی دەکەن، خەڵکـــیش ستایشـــی خـــاکیبوونیەکەی دەکەن، ئـــای چەنـــد زاهیـــدە! چەند بە ڕەوشتە!

بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین: ئای چۆن بە هیلاک چووە!

پێـــنجەم: بەکارهێنـــانی هەلەکـــان بـــۆ نیشـــاندانی پێشـــکەوتن و پێـــزانین. ئەگەر باســـی کتێـــب بکرێـــت ئەوا ئەو شـــارەزایە لە چاپەکـــانی و ئەوەی پەیوەنـــدیی پێـــوەیە. ئەگەریـــش باســـەکە کەوتە ســـەر مامۆســـتایان ئەوا ئەو نـــزیکە لێیـــان و پەیوەنـــدیی بەهێـــزی هەیە لەگەڵیـــان. ئەگەر باســـی بـــابەتە زانســـتیەکانیش

بکرێت ئەوا ئەو لێکۆڵەر و کارامەیە، شارەزای هەموو وردەکاری و بەڵگەکانیەتی. هەموو ئەو شتانە ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی خۆی دەربخات.

شەشەم: باسکردنی ئەوەی کە مامۆستایان ستایشیان کردووە، یان دەڵێت فلان کەسی فێرخواز بەتایبەت شتێکی تەنها بە من وتووە، فلان زانا دەربارەی ئەمە و ئەوە پرسیاری لێکردم، هەر خۆشی هات بەدەمەوە و لەبەرم هەڵسا و ماڵئاوایی لێکردم.

حەوتەم: شکاندنەوەی کەسانی تر بۆ دەرخستنی خۆی و بیروبۆچوونەکانی. دەڵێت:

خۆ ئەگەر لە جێگای فلان کەس بام وا و وام نەدەکرد، ئەوەش دڵنیادەکاتەوە کە بابەتەکان بە پێوەری عەقڵ دەپێورێن، پاشان ئەو هەڵوێستە دەگێڕێتەوە کە چۆن بە دانایەوە هەڵسوکەوتی کردووە، بەو شێوەیەش کۆتایی پێ هێناوە کە خۆی پێشبینیی کردووە.

نەخۆشیی دوانزەیەم:

گیانی کوێخایەتی و حەزی خۆدەرخستن

بەشێک لە فێرخوازان هەوڵدەدەن لەهەموو بابەت و کۆڕێکدا خۆیان دەربخەن و لای خەڵکی بەناوبانگ بن، حەزدەکەن لەلای خەڵکی بە ئەهلی عیلم بناسرێن، گەورە و دیار دەربکەون، ئەمەش پەتا و دەردێکی کوشندەیە، نەخۆشیەکی تونده کە زۆر لە فێرخوازان تووشی دەبن.

پێشەوایانمان زۆر بەلایانەوە گرنگ بوو خۆیان بشارنەوە و لای خەڵکی دەرنەکەون. شوعبە دەفەرموێت: **(ربما ذهبْت مع أيوب لحاجةٍ، فلا يدعني أمشي معَه، ويخرج من هاهنا وهاهنا؛ لكي لا يفطن له)**، واتا: «کاتێك دەڕۆیشتم بۆ لای ئەیوب بۆ بابەتێک، ڕێگەی نەدەدا لەگەڵیدا ڕێبکەم، لێرە و لەوێ هاتووچۆی دەکرد؛ بۆ ئەوەی خەڵکی بە زرنگی دانەنێن» .[1]

بیشری کوڕی حارث دەفەرموێت: **(ما اتَّقى اللهَ من أحبَّ الشهرة)**، واتا: «تەقوای خوای نییە کەسێک حەزی لە ناوبانگ بێت» .[2]

ئیمامی ئەحمەدیش دەفەرموێت: **(أريد أن أكونَ في شِعبٍ بمكة حتى لا**

---

(١) سير أعلام النبلاء (٦/ ٢٢).

(٢) هەمان سەرچاوە (١٠/ ٤٧٦).

أُعرف، قد بُليت بالشهرة، إني أتمنّى الموتَ صباحًا ومساءً)، واتا: «دەمەوێت لە کەنارەکانی شاری مەککە بم بۆ ئەوەی نەناسرێمەوە، بە ناوبانگ تاقی کرامەوە، ڕۆژ و شەو ئاواتاخوازی مردنم».[1]

(وقيل للإمام أحمد: ما أكثرَ الداعي لك! قال: "أخاف أن يكون هذا استدراجًا)، واتا: وترا بە ئیمامی ئەحمەد: ماشەڵا خەڵک چەند زۆر دوعای خێرت بۆ دەکەن. فەرمووی: «دەترسم ئەمە ئیستیدراج[2] بێت» .[3]

(١) هەمان سەرچاوە (١١/ ٢١٦).

(٢) (ئیستیدراج) ئەوەیە هەر کە گوناحێ دەکەن، لەباتی ئەوەی خوای گەورە تۆڵەیان لێ بسێنێ، گوزەریان باشتر دەکا، ئەوانیش چەواشە دەبن و زیاتر سەر دەکەنە ناو تاوان و گوناح، ئیتر کتوپڕ خوا قاریان لێ دەگرێت. (تەفسیری ڕامان).

(٣) هەمان سەرچاوە (١١/ ٢١٠).

نەخۆشیی سیانزەیەم:

گوفتاری بێ زانست

ئەمەش جـۆرێکە لە درۆ، بەڵکـو لە خـراپترین جۆرەکـانی درۆیە، چـونکە درۆیە بەسـەر خـوای گەورەوە. هەنـدێک لە فێرخـوازان قورسـە بەلایـانەوە لە هەنـدێک بـابەت نەزانـن، بـۆیە دەیبینـی قسـە لە دینـی خـوا دەکەن بەبـێ زانست.

بڕیـار لەسـەر بابەتێـک دەدا کە زانیـاریی پێشـوەختەی لەسـەر نیـیە، یـان بڕیـاری لاوازی و دروسـتی لەسـەر فەرمـووە دەدات بەبـێ زانیـاری، جـورئەتی هەیە قسـە لەسـەر دەقێکـی شـەرعی بکـات بەبـێ زانسـت، یـان فەتـوا دەدات بەبـێ زانسـت، هاوشـێوەکانی دیکەشـی، هەمـوو ئەوانەش کـارێکی ناپاسەند و نەخۆشین و ناشێت موسوڵمان ئەم سیفەتەی تێدابێت.

ئیبنـو جەمـاعە دەربـارەی ئەوەی پێویسـتە کە فێرخـواز ڕەچـاوی بکـات، دەفەرموێـت: **(إذا سـئل عـن مـا لم يعلمـه قـال: لا أعلمـه، أو لا أدري؛ فمِـن العلـم أن يقـول: لا أعلـم، وعـن بعضـهم: لا أدري نصـفُ العلـم، وعـن ابـن عبـاس (رضي اللـه عـنهما): إذا أخطـأ العـالم لا أدري أُصـيبَت مقاتلُـه، وقيـل: ينبغي للعالم أن يورث أصحابَه لا أدري؛ لكـثرة مـا يقولهـا. قـال محمـد بـن عبـد**

الحكم: سألت الشافعي (رحمه الله) عن المتعة: أكان فيها طلاق أو ميراث أو نفقة تجب أو شهادة؟ فقال: والله ما ندري.

واعلم أنّ قول المسؤول: لا أدري لا يضع من قَدره كما يظنه بعض الجهلة، بل يرفعه؛ لأنه دليل عظيم على عظم محلّه، وقوّة دينه، وتقوى ربّه، وطهارة قلبه، وكمال معرفته، وحسن تثبّته.

وقد رُوِّينا معنى ذلك عن جماعة من السلف، وإنما يأنف من قول: لا أدري من ضعُفت ديانته، وقلَّت معرفته؛ لأنه يخاف من سقوطه من أعين الحاضرين، وهذه جهالة ورقَّة دين، وربما يشهِّر خطؤه بين الناس، فيقع فيما فرَّ منه، ويتَّصف عندهم بما احترز عنه، وقد أدَّب الله تعالى العلماء بقصة موسى مع الخَضر- عليهما السلام، حين لم يَرُدَّ موسى (عليه السلام) العلم إلى الله تعالى لما سُئل: هل أحد في الأرض أعلم منك)، واتا: «ئەگەر پرسیاری سەبارەت بە شتێك لێكرا و نەیزانی با بڵێت: نایزانم یان شارەزای نیم، چونکە لە عیلمەوەیە کە بڵێت: نازانم. هەندێک لە زانایان دەفەرموون: نازانم نیوەی زانستە. لە ئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: ئەگەر زانایەک لەسەر وتنی (نازانم) ڕانەهاتبوو ئەوە بە هیلاک دەچێت. وتراوە: پێویستە زانایان فێرخوازانیان لەسەر وتنی (نازانم) ڕابهێنن بە وتنی زۆری ئەم وشەیە.

محەمەدی کوڕی عەبدولحەکەم دەفەرموێت: پرسیارم لە شافیعی کرد

دەربارەی موتعە؛ ئایا تەڵاق یان میرات یان نەفەقەی تێدا واجب دەبێت؟ فەرمووی: بەخوا نازانم.

بزانە کە پرسیارلێکراو وتی: (نازانم) ئەوە ناگەیەنێت کە لە قەدری کەمبووەتەوە وەك بەشێك لە نەزان واگومان دەبەن، بەڵکو بەرزی دەکاتەوە؛ چونکە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر پلە و بەهێزیی دینەکەی و تەقوای خوا و بێ خەوشیی دڵی و زانستە تەواوەکەی و جێگیربوونەکەی.

ئەمەشمان لە کۆمەڵێك زانایانی پێشینەوە بۆ گێڕدراوەتەوە.

ئەشێت کەسێک کە دەڵێت: (نازانم)، ئەمە بەڵگە بێت لەسەر لاوازیی ئیمان و زانستەکەی؛ چونکە دەترسێ لەپێش چاو خەڵکی پلەی دابەزێت، ئەمەش
نەزانین و دین لاوازیە، لەوانەیە هەڵەکەشی لەنێو خەڵکی بەناوبانگ بێت و تووشی ئەوە بێت کە لێی هەڵهاتووە، بە شتێک وەسف بکرێت کە خۆی لێی پاراستووە. خوای گەورە زانایانی پەروەردە کردووە بە چیرۆکەکەی موسا لەگەڵ (خضر) (سەلامی خوایان لێ بێت) کاتێک موسا ئەو زانستەی نەگێڕایەوە بۆ خودا کە پرسیاری لێکرا: ئایا کەسێك لەسەر زەوی لە تۆ شارەزاتر هەیە».[1]

(١) تذكرة السامع والمتكلم (٢٣).

ئیبنو موفلیح دەفەرموێت: **(قال ابن عباس(رضي الله عنهما): إذا ترك العالم لا أدري أصيبَت مقاتِله، وكذا قال علي بن حسين، وقال مالك: كان يقال: إذا أغفل العالم لا أدري أصيبَت مقاتله، وقال أيضا: كان رسول الله (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) إمام المسلمين وسيّد العالمين، يُسأل عن الشيء فلا يجيب حتى يأتيَه الوحي من السماء، وقال الشعبي: لا أدري نصفُ العلم... وقال عبد الله: سمعت أبي يقول: كان سفيان لا يكاد يُفتي في الطلاق، ويقول: من يحسن ذا؟! من يحسن ذا؟!)**، واتا: «ئیبنو عەباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرمووێتی: ئەگەر زانایەک لەسەر وتنی (نازانم) ڕانەهاتبوو ئەوە بە هیلاک دەچێت. هەروەها عەلی کوڕی حوسەینیش وای فەرموو. مالیکیش فەرمووی: دەوترا: ئەگەر زانایەک غافڵ بوو لە وتنی (نازانم) ئەوە بە هیلاک دەچێت، هەروەها فەرمووی: پێغەمبەر (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێشەوای موسڵمانان و گەورەی جیهانیانە، پرسیاری لێدەکرا سەبارەت بە شتێك وڵامی نەدەدایەوە تاوەکو وەحی لە ئاسمانەوە بۆ دەهات. شەعبیش فەرمووی: نازانم نیوەی زانستە. عەبدوڵا فەرمووی: گوێم لە باوکم بوو دەیوت: سوفیان فەتوای لەسەر تەڵاق نەدەدا، تاوەکو دەیوت: کێ ئەمە دەزانێ؟! کێ ئەمە دەزانێ؟!».[1]

(١) الآداب الشرعية (٢/٥٨)، لە لاپەرەکانی دواتریشی وتەی زانایانی پێشینی لەسەر ئەم بابەتە زۆر باسکردووە.

نەخۆشیی چواردەیەم:

گومانی خراپ

ئەمەش جـــۆرێکە لە زێـــدەڕۆیی و ســـتەمکردن، دەبینـــی بەشـــێك لە فێرخـــوازان شـــتێک کە لە بـــراکەیەوە دەرکەوتـــووە ئەم زۆر زێـــدەڕۆیی تێـــدا دەکات و لەسەر خراپترین ئەگەر دایدەنێت.

بەشـــێك لە فێرخـــوازان ڕاهـــاتوون لە گومـــانی خـــراپبردن بە براکانیـــان، وا بیـــریش دەکەنەوە کە ئەمە جـــۆرێکە لە زیرەکـــی و لێهـــاتوویی و زانینـــی شـــتە شاراوەکان!

ئەم نەخۆشـــیەش بـــڵاوە لە هەڵســـوکەوتی زانســـتی و کردەیـــی. هەنـــدێك کەس ئەگەر مـــامەڵەی بازرگـــانی یـــان ســـەردانی یـــان بەشـــداربوو لە کارێکـــدا، هەر شتێکی خراپ لە براکانی دەرکەوت گومانی خراپیان پێ دەبات.

دەبینـــی بەشـــێك لە فێرخـــوازان ئەگەر بـــابەتێکی عیلمیـــان بـــۆ براکـــانی خوێنـــدەوە یـــان گـــوێی لە شـــتێکی بـــوو بە نـــاشرینترین شـــێوە لێـــی وەردەگرێـــت، گومـــانی خـــراپ و نـــاڕەوا بە براکـــانی دەبـــات، وا دەزانێـــت بـــراکەی دەیەوێ لایەنـــی نـــاڕەوا ســـەربخات، یـــان تـــانەدان لە حەق و ڕاســـتی، یـــان پاڵپشـــتیکردنی گومڕایـــان و چەنـــدین واتـــای دیـــکەی نـــابەجێ، لە هەمـــوو ئەمـــانەش تەنهـــا

گومان و ئەگەری هەیە.

هەموو ئەمانەش لە گومانی ناڕەوایە کە ڕەوا نییە بۆ موسڵمان گومانی وا بەرێت بە برا موسوڵمانەکەی، خوای گەورە فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە خۆیان بە دووربگرن لە گومانی خراپ وەك فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ﴾ [الحجرات: ١٢]، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە خۆتان لە زۆرێک لە گومانبردن بە یەکتر دووربگرن، چونکە هەندێک لەو گومانانە مایەی دووچاربوونتانە بە گوناهـ و تاوان».

بەشێك لەوانەی کە بەم نەخۆشییە تاقیکراونەتەوە هەر بەخۆیەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵ دەدات کەسانی دیکەش باوەڕ بەو گومان خراپەیەی دڵی بکەن، بەهۆی ئەمەشەوە جیابوونەوە و ناکۆکی دەخاتە نێوان فێرخوازان و بانگخوازان.

بەکری کوڕی عەبدوڵڵا دەفەرموێت: **(إياكم وكلَّ أمر إن أصبتم لم تؤجروا، وإن أخطأتم أثمتم"، قيل: ما هو؟ قال: "سوء الظن بالناس، فإنكم لو أصبتم لم تؤجروا، وإن أخطأتم أثمتم)**، واتا: «ئامان خۆتان تووشی شتێک مەکەن کە پێکاتان پاداشتتان بۆ نییە و ئەگەر نەتان پێکا تاوانبار دەبن، وترا: ئەوە چییە؟ فەرمووی: گومانی خراپ بە خەڵکی بردن، ئەگەر پێکاتان ئەوە پاداشتتان بۆ نییە، ئەگەریش نەتان پێکا ئەوا تاوانبار بوون».[1]

(١) حلية الأولياء، أبو نعيم (٢/ ٢٢٥).

غەزالی دەفەرموێت: **(سوء الظن حرام مثل سوء القول، فكما يحرم عليك أن تحدِّث غيرك بلسانك بمساوئ الغير، فليس لك أن تحدِّث نفسك وتسيء الظنّ بأخيك)**، واتا: «گومانی خراپ حەرامە وەك گوفتاری خراپ، وەك چۆن حەرامە لەسەرت بە زمانت باسی خراپەی کەسێک بکەیت، بە هەمان شێوە حەرامە گومانی خراپیش بە براکەت ببەیت».[1]

خەڵکی باش و بەڕێز دوورن لەم خووە ناپەسەندە، دەبینی عوزر دەهێنەوە بۆ برا موسوڵمانەکانیان. جەعفەری کوڕی موحەممەد دەفەرموێت: **(إذا بلغك عن أخيك الشيء تنكره فالتمس له عذرًا واحدًا، إلى سبعين عذرًا، فإن أصبته وإلا قل: لعلّ له عذرًا لا أعرفه)**، واتا: «ئەگەر هەواڵێکی ناشیرینی براکەت پێگەیشت ئەوا عوزری بۆ بهێنەوە، تاوەکو حەفتا عوزر، ئەگەر عوزرەکەیت بۆ دەرکەوت گەرنا بڵێ: بەڵکو عوزرێکی هەبێت و من نەیزانم».[2]

سەعیدی کوڕی موسەییب دەفەرموێت: **(كتب إليّ بعض إخواني من أصحاب رسول اللّه** (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) **أن ضَع أمر أخيك على أحسنِه، ما لم يأتك ما يغلِبك، ولا تظنّنّ بكلمةٍ خرجت من امرئ مسلمٍ شرًّا وأنت تجد لها في الخير محمَلًا)**، واتا: «هەندێك لەبرایانم لە هاوەڵانی پێغەمبەر

(١) إحياء علوم الدين (١٥٠/٣).

(٢) شعب الإيمان، البيهقي (٨٣٤٤).

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ) نامەیان بۆ دەناردم، دەیاننووسی: کاروکردەوەی براکەت لەسەر جوانترین ئیحتیمال دابنێ مادام پێچەوانەی ئەمەت بۆ دەرنەکەوتووە، گومانی خراپ بە قسەی موسوڵمانێک مەبە کە دەگونجێت خێری تێدا ببینیت».[1]

(١) هەمان سەرچاوە (٨٣٤٥).

نەخۆشیی پانزەیەم:

مشتومڕ و موناقەشە

فێرخوازان لە هەموان زیاتر نزیکترن لەتوشبوون بەم نەخۆشییە، چونکە دانیشتنی تۆڕێنەوە و خوێندنەوە زۆر ئەنجام دەدرێت، لەناویشیدا گفتوگۆی زانستی ئەنجام دەدرێت، بەڵام زۆر جار دەبێتە مشتومڕ و ناکۆکی، حەزی خۆدەرخستن پەیدا دەبێت، حەق رەتدەکرێتەوە، عینادی پەیدا دەبێت لە دانان بە هەڵە، درۆ و بوختانی تێدا دەبێت، زمان درێژی و زوڵم بەرامبەر یەکتر ڕووەدات، ئەمە و چەندان حەرامی تری تێدا ئەنجامدەدرێت.

ئیبنولجەوزی لە کتێبی: (تلبیس إبلیس) ئاماژەی بە فێرخوازانی زانست و توشبوونیان بە دەمدرێژی بۆ سەریەکتر و زێدەڕۆیی کردووە، دەفەرموێت: **(ومن ذلك أنّ أحدهم يتبيّن له الصواب مع خصمِه ولا يرجع، ويضيق صدره؛ كيف ظهر الحقّ مع خصمه؟! وربما اجتهد في ردّه مع علمه أنه الحقّ. وهذا من أقبح القبيح؛ لأن المناظرة إنما وُضعت لبيان الحقّ، وقد قال الشافعي (رحمه الله): ما ناظرتُ أحدًا فأنكر الحجّة إلا سقط من عيني، ولا قبِلها إلا هبته... ومن ذلك أنّ طلبهم للرياسة بالمناظرة تثير**

الكامن في النفس من حبّ الرياسة، فإذا رأى أحدهم في كلامه ضعفًا يوجب قهر خصمِه له خرج إلى المكابرة، فإن رأى خصمَه استطال عليه بلفظ أخذته حميّة الكبر، فقابل ذلك بالسّبّ، فصارت المجادلة مخاذَلة، ومن ذلك ترخّصهم في الغيبة بحجة الحكاية عن المناظرة، فيقول أحدهم: تكلّمت مع فلان فما قال شيئًا، ويتكلّم بما يوجب التشفّي من عرض خصمه بتلك الحجة)، واتا: «هەندێك جار بۆچوونی ڕاست لای نەیارەکەی دەردەکەوێت بەڵام پەشیمان نابێتەوە، دڵی تونند دەبێت؛ چۆن حەق لای نەیارەکەی دەرکەوتووە؟! لەوانەیە هەوڵیشی دابێت بۆ وەڵامدانەوەی هەرچەندە دەیزانی کە لەسەر حەقیشە. ئەمەش لە ناشرینترینەکانە، چونکە وتووێژکردن بۆ ئەوە دانراوە کە حەق و ڕاستی دەربکەوێت. ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: گفتوگۆم لەگەڵ کەسێك نەکردووە ئەگەر بەڵگەی ڕەتکردبێتەوە ئیلا ئەو کەسەم لەبەرچاو کەوتووە، وە کە قبوڵی بەڵگەشی کردبێت هەیبەتی لام پەیدا بووە... لەمەوە زۆرجار بەهۆی موناقەشەوە دەیەوێت پێگەیەک بۆخۆی دروست بکات، ئەگەر قسەکەی لاوازیەکی تێدا بوو عینادی دەکات، یان دەمدرێژی دەکات بەرامبەری و بە وشەیەک کە خۆبەزلزانی تێدا قسەی بەرامبەری دەکات، ئەویتریش بە جنێو وەڵامی دەداتەوە، بەم شێوەیە موناقەشە دەبێتە یەکتر سووککردن. جاری واش هەیە بە بیانووی گێڕانەوەی موناقەشەکەی خۆی تووشی غەیبەت دەکات، دەڵێت: لەگەل فڵان کەس قسەم کرد، هیچی پێ نەبوو،

قسەی وای بەرامبەر دەکات کە ئاوی دڵی خۆی بدات».[1]

****

لەم نەخۆشیانەی باسمانکرد، کۆمەڵێک سودی پەروەردەیی ئیمانیان دەستدەکەوێت، دەتوانین پوختی بکەینەوە لەوەی: سەرەکیترین هۆکار کە وادەکات فێرخواز تووشی ئەم نەخۆشیانە بێت؛ کەمی وەرع و ئیمان و هەستنەکردنە بە موراقەبەی خوای گەورە، وە بەکەمزانینی حەرامەکانی خوای گەورەیە، نەک لەبەر کەمیی عیلم بێت. ئەمەش وامان لێدەکات کە زۆر پێویستیمان بەوەیە ئیمان لەناوماندا بچێنین و وەسیەت بەیەکتر بکەین بە تەقوای خوای گەورە.

زۆرێک لە فێرخوازان دەکەونە ئەم نەخۆشیانەوە، نەک لەبەر ئەوەی حوکمی شەرع دەربارەی ئەم تاوانانە نازانێت، بەڵکو لەبەرئەوەی لە دڵیدا ئیمانێک نییە لەم نەخۆشیانە بیگێڕێتەوە، چارەسەر بۆ ئەم جۆرە فێرخوازانە ئەوەیە ئیمان و تەقوا مودارەسە بکەن و دەروونیان لەسەری ڕابهێنن.

(١) تلبيس إبليس (١١٧/١).

فێرخـوازی زانسـتی شـەرعی پێویسـتە لە هەمـوو کەس زیـاتر سـوور بێـت لەسـەر ئەوەی بـژاری دەروونـی خـۆی بکـات و پـاکی بکـاتەوە لە هەمـوو شتێک کە لەگەڵ عیلمەکەی تێکدەگیرێت.

ئەبـو عاسـم دەفەرموێـت: **(مـن طلـب الحـديث فقـد طلـب أعـلى الأمـور، فيجـب أن يكـون خـيرَ النـاس)**، واتـا: «هەر کەسـێك داوای عـیلم بکـات، ئەوە داوای بەرزترین شتی کردووە، بۆیە پێویستە باشترینی خەڵکی بێت».[1]

(١) الجامع للخطيب البغدادي (٧٨/١).

ناوەڕۆک

پێشەکی ٥

نەخۆشی یەکەم: ڕیابازی ٧

نەخۆشی دووەم: غەیبەتکردن ١١

نەخۆشی سێیەم: قسە هێنان و بردن (دووزمانی) ١٩

نەخۆشی چوارەم: خۆبەگەورەزانین ٢١

نەخۆشی پێنجەم: سنوربەزاندن و ستەمکردن ٢٤

نەخۆشی شەشەم: درۆکردن ٢٦

نەخۆشی حەوتەم: بەخۆ سەرسامبوون ٢٧

نەخۆشی هەشتەم: حەسوودی ٣٢

نەخۆشی نۆیەم: کەموکورتی لە واجباتەکاندا ٣٥

نەخۆشی دەیەم: دەمارگیری ٣٧

نەخۆشی یانزەیەم: ملکەچبوون بۆ بەشی نەفس ٤١

نەخۆشی دوانزەیەم: گیانی کوێخایەتی و حەزی خۆدەرخستن ٤٤

نەخۆشی سیانزەیەم: گوفتاری بێ زانست ٤٦

نەخۆشی چواردەیەم: گومانی خراپ ٥٠

نەخۆشی پانزەیەم: مشتومڕ و موناقەشە ٥٤

